# کولتوور لە نێوان شیعرییەت و ئەقڵانییەتدا

د. لەوَن قادر
(سلێمانی)

**پێشەکی:**

بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە، مرۆڤەکان لە هەموو ساتێکدا بە شێوازی ژیانی نێو کولتوورە جیاوازەکان ئاشنادەبن و هەندێکیان ئاستی پێ سەرسامبوون تێدەپەڕێنن و دەکەونە پرسیار و بنکۆڵی هۆکارە بنەڕەتییەکانی جیاوازی کولتوور و ئەو بنەما جیهانبینی و فیکرییانەی کە ئەم جیاوازی ژیانەی لێکەوتووەتەوە.

لەم وتارەدا ئێمە بەڵگە و ئارگومێنت بۆ ئەو بانگەشە (claim)یەمان دەخەینەڕوو کە پێمان وایە:

ڕۆژهەڵات بەچاوتێبڕینی لە شێوازی ژیانی ڕۆژئاوا و بە بەراوردکردنی بە ژیانی ئەم بەشەی جیهان، لە دووی ژیانێکی شایستەدا دەگەڕێ و لەو نێوەندەشدا (وێڕای فرەیی هۆکارەکان)، هۆکارێکی بنەڕەتی، ئەوەیە کە کولتووری ڕۆژهەڵاتی شیعرییەتە و ڕۆژئاوایی زادەی ئەقڵانییەتە، کە لێرەدا بە چەند قۆناغ و بەڵگەیەک شیکاریی بۆ دەکەین.

**وشە کلیلییەکان: کولتوور، شیعرییەت، ئەقڵانییەت، شارستانییەت، میزاجییەت، مەنهەجییەت**

**چییەتی ”کولتوور، شیعرییەت، ئەقڵانییەت:**

گرنگە ئەم سێ چەمکە، کە سێکوچکە و بنەمای خستنەڕووی بابەتەکەمانن، ڕوون بکەینەوە، ”کولتوور“، لە زۆر گۆشەنیگاوە پێناسە کراوە،

بەڵام گشتگیرترین پێناسەی: ((هەموو ئەوەیە کە لە دەرەوەی کرۆمۆسۆم (DNA) وەریدەگرین))؛ بەو مانایەی ئێمە ڕەنگی پێست و چاو و قژ، کورت و دریژی بالآمان لە (دی ئێن ئەی)ماندا هەیە و هیچ پێوەندییەکی بە خواست و توانایی خۆمانەوە نییە، بەڵام ئایین و زمان و چۆنییەتی بیرکردنەوە و ژیانمان لە کرۆمۆسۆمماندا نییە و لە دەستی خۆماندایە.

بە کورتی "کولتوور، ساتەوەختی بیرکردنەوەی مرۆڤە سەبارەت بە چۆنیەتی نەخشاندن و ئاراستەکردنی ژیانی". پێویستە ئەوەش بڵێین، کولتوور هەیە سەرەتاییە و لە ئاستی بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانە و ڕۆتینییە، وەک ئەوەی پێوەندی بە قاپوقاچاخ و خواردن و کەرەستەی خواردن و پۆشین و شوێنی نیشتەجێبوونەوە هەیە، کولتووریش هەیە "کولتوورێکی باڵا" وەک بیرکردنەوە لە دامەزراوەی دەوڵەت و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و پێکهێنانی ژیانی جڤاتییانە و ژیانی مەدەنییانە و ڕێکخستنی ژیان و بواری گشتی و ... تاد.

چەمکی "شیعرییەت"، لە بنەڕەتدا زادەی ئەو هەوڵە بنەمادار و فەلسەفییانەیە کە بە شێوەیەکی ئەبستراکت ویستوویەتی وەڵامی زانستییانەی ئەوە بداتەوە کە شیعر چییە و کامە شیعرە، لە ئەرەستۆوە تا قوتابخانەی پراغ و ڕۆمان یاکۆبسن و دواتریش، کە دواجار هەوڵدان بوو بۆ ژێربارهێنانی ئەدەب بۆ چوارچێوە و بنەماکانی زانستی پەتی، بەڵام ئێمە لەم وتارەدا بەو مەبەستە ئەم چەمکە؛ واتە شیعرییەت بەکار ناهێنین. لێرەدا مەبەستمان لە "شیعرییەت" تاک و کۆمەڵگەی ئەم ناوچە و ئێمەیە، بە تایبەتی کە "هەست" و "سۆز"مان کردووەتە بنەمای تێڕوانین و هەڵوێست و ژیان، ڕوونتر بڵێم: مەبەستمان میزاجییەتە و لە قۆزاخەی خۆوە سەیرکردنی ڕەهەندەکانی سیاسەتکردن و کارگێڕی و بە گشتی هاوکێشە و ململانێکانی ژیانە لە بری "مەنهەجییەت" کە مەنهەجییەت، هاتنە دەرەوەیە لە جیهانی میزاج و خەیاڵی خودەوە و سپاردنیەتی بە میتۆدی زانستییانە بۆ بەدواداچوون لە پێناو تێگەیشتن لە بابەتەکان، بۆیە "میزاجییەت"مان بە "شیعرییەت" ناوزەدکردووە، چونکە "دەقی شیعری و ئایینی، ئەگەر نەیخەیتە سەر سکێچ و تێمپلێتێکی زانستی و میتۆدییانە، ئەوە بێ سنوور ڕاڤە لەخۆدەگرێ، بەڵکوو بە چەندان ئەنجامگیری سەیروسەمەرە باردەکرێ". ئەوەی بۆ ئێمە لێرەدا گرنگە خراپ شکانەوەی ئەم میزاجیبوونەی مرۆڤی نێو ئەم کولتوورەیە، دزەکردنیەتی بۆ نێو کایەکانی سیاسەت و کارگێڕی و "ژیان و بواری گشتی" بە گشتی.

سەبارەت بە چەمکی "ئەقڵانییەت" مەبەستمان لێی، "مەنهەجییەت"ـە، پێچەوانەی میزاجییەت، کە ترادسیۆنێکی لەو چەشنە، لۆژیک بەرهەم دەهێنێ و مەبەستیشمان لە لۆژیک، کۆنترۆڵکردنی، یان ڕاستتر بڵێین، شەتەکدان و تەنگپێهەڵچنینی "لەخۆوە" وتنە بۆ ژێربارهێنانی دەربڕین بە بنەماکانی لۆژیک. پێویستە ئەو ڕوونکردنەوەیەش بدەین: مەبەست لە ئەقڵانییەت، ئەو ئاستە لە بەکارهێنانی ئەقڵ نییە لە ژیانی ڕۆژانەدا و بۆ پێداویستییە بایۆلۆژییەکان، بەڵکوو ڕێکخستنی ژیانە بە ئەقڵ، بگرە بەسەنتەرکردنی ئەقڵ و بیرکردنەوەی ئەقڵانییە و بەرهەمهێنانی مەعریفەی ئەقڵانییە.

**هەقیقەتێکی مێژوویی:**

مرۆڤەکان خۆیان مێژووی خۆیان دەنەخشێنن، ئەگەرنا دەمانگوت، لە لەعنەتێکی مێژوویی

دەچێت، کاتێک ڕووبەڕووی ئەو هەقیقەتە دەبینەوە کە لە دەسپێکەوە مێژووی ئەدەبی یۆنان (کە ئەوروپای ئەمڕۆ میراتگریەتی) بە ژانری "دراماتیک" دەست پێ دەکات و ڕۆژهەڵاتی لەمەڕ خۆشمان تەنیا بە شیعر، کە لە ئەنجامدا لە کولتووری بەرهەمهێنی درامادا، داننان بە فرەیی و پێکەوە هەڵکردنی جیاوازەکانی لێکەوتووەتەوە، بەڵام لە کولتووری ئەم ناوچەیە لەبەر ئەوەی شیعر تاک لایەن و یەک دەنگە، یەک ڕایی و تاک جەمسەری باوە، ئەمە وێڕای ڕاستییەکی دیکە کە خوای یۆنانییەکان وەک هیی ئەم ناوچەیە ئاسمانی و تاک و تەنیا نین، بەڵکوو لەسەر زەوی لە ململانێ و بەریەککەوتندا بوون لەگەڵ مرۆڤ و فرە، خاوەن دەسەڵاتی سنووردار و جیاوازبوون.

## چەند وێستگەیەکی بەراوردی نێوان ئەم دوو کولتوورە

١- ئەم دوو کولتوورە، کولتووری (هەست و سۆزگەرا) و کولتووری (ئەقڵانییەت و لۆژیکگەرا)، یەکەمیان پتر لەگەڵ (هەقیقەتی زەینی) سەروکاری هەیە، بەڵام دووەمیان لەگەڵ (هەقیقەتی عەینی - بینراو)، بۆیە:

ا- لە کولتووری هەستگەرادا، لە ئەنجامی ئەو ژینگەی کە تێیدا لەدایک بووە، باوەڕگەلێکی سەرەتایی لە زەینیدا دەنەخشێنێت، کە بەشێوەیەکی نائاگایانە (تعصب) دەمارگیری دەشێت، تەنانەت ئەزموون و تێڕوانین و دیدیشی بۆ جیهانی بینراو بە کاریگەربوون دەبێت بەم باوەڕانەی کە بە هەست و سۆز و دەمارگیرانە وەریگرتووە، بە جۆرێک ئیتر هەر شتێک لەگەڵ ئەو باوەڕەیدا نەیەتەوە، زەینی ئاگایی لەبەردەم وەرگرتنیدا ڕێگر دەبێت.

ب- ئەم حاڵەتە، دەتوانین بە تەڵەیەکی زەینی ناوبەرین، تەنانەت ڕۆشنبیرانیش لەم هەلومەرجە داخراوەدا ناتوانن لەسەر هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کاریگەر بن، چونکە ئەوانیش گیرۆدەی باوەڕگەلێکی پێشتر لە مێشکدا چەسپاون و کەوتوونەتە تەڵەی: مرۆڤ مەرجدار بە دید و تێڕوانینێک بکرێت کە پێشوەختە مێشکی یەکلاکردووەتەوە و هەقیقەتەکانی لا چەسپاوە.

ج- لە کولتووری زەینی و میزاجی و شیعریدا، گفتوگۆکردن نییە بە ئامانجی کەشفی هەقیقەت (وەک ئەوەی کە لە کولتووری ئەقڵانی و مەنهەجیدا هەیە)، چونکە لێرە هەقیقەت بڕاوەتەوە و چەسپاوە، تەنیا جەختی لێ دەکەینەوە، وەک داریوش شایگان دەڵێت: "ما اهل تذکریم نە تفکر"، واتە ئێمە خەڵکێکین بیرناکەینەوە تا هەقیقەت بدۆزینەوە، بەڵکوو پێمان وایە دەیزانین و تەنیا بیری یەکتری دەخەینەوە.

دواجار مرۆڤی زادەی ئەم جۆرە کولتوورە، لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ واقیع، سێ هەڵوەستەی هەیە:

- بەڵگەکانی کە لەگەڵ باوەڕە پێشوەختەکەیدا دێتەوە، دەیانبینێ، بەڵام بەڵگە و ئارگومێنتە پێچەوانەکان نابینێ، بۆ نموونە: ڕۆژهەڵاتییەک کە بە چاوی دوژمنکارانەی سیاسی دەڕوانێتە ڕۆژئاوا، باس لە بوونی خێزان (بۆ نموونە) لێرە دەکات و ڕەخنە لە ڕۆژئاوا دەگرێت کە سیستەمی خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی تێدا هەڵوەشاوە، ئیتر چاوی ئەوە نابینێت کە وێڕای هەبوون و گرنگی خێزان، بەڵام لێرەش ئەم ئۆرگانەی ناو کۆمەڵگە لە بنەوە بۆگەنی کردووە.

- کاتێک بابەتێک بە شێوەی دوولایەنە دەخرێتە پێش چاوی، هەمیشە بە ئاراستەی باوەڕە پێشوەختەکانیدا ڕاڤە و شیکاری بۆ دەکات، دەتوانین بڵێین، تێگەیشتنەکەی خۆی

دەخاتە بری هەردوو گریمانەکە، بۆ نموونە: پەیوەست بە داهێنانی زانستییەوە، هەڵگرێکی کولتووری ڕۆژهەڵاتی، جارێک دەڵێ ئەم داهێنانە زانستییە درۆیە و دواتر بەڵگە دەهێنێتەوە کە لە کتێبی پیرۆزیدا هەزاران ساڵ پێش ئێستا باس کراوە، یان سەرەتا ڕەتی دەکاتەوە و دواتر بە نیعمەتی خوای دەزانێ!!.

- ئەگەر لە هەموو گۆشەنیگایەکەوە لەسەر بابەتێک، بەڵگە و ڕوونکردنەوەی بۆ بدەیت، ئەو بە تێپەڕبوونی کات ئەو گوتار و بابەتانە لە یادگەی خۆیدا دەهێڵێتەوە کە لەگەڵ باوەڕە پێشوەختەکانیدا دێتەوە، ئەوانی دیکە بە لەبیرکردن دەسپێرێ، بۆ نموونە: لە مێژوو و کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئیبن تەیمییە و ئیبن ڕوشدیش هەن، بەڵام یەکەم لە بیری ئەم ناوچەیەدا پەیڕەو دەکرێ و دووەم لەبیرکراوە.

٢- کەس و کۆمەڵگە و کولتوورێک کە هەست و سۆز بنەمای بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنیانە، ئەوە زۆر بە سانایی بە هەست و سۆزیان ئاراستە دەکرێن و ئەقڵ و لۆژیک ڕۆڵێکی پەراوێزیانەی لە ژیانیاندا دەبێت، بۆ نموونە: کۆمەڵگەیەکی هەست و سۆز سەنتەردا، ئیتر "دیموکراسییەت" گوزارشت لە ئیرادەی خەڵک ناکات، چونکە ئیرادەی خەڵکی لە هەست و سۆزیدایە، ئەوەش زۆر ئاسان ئاراستە دەکرێت و کەسانی خاوەن دەسەڵات بە بێ پەنابردنە بەر زۆر و هێز، ڕای گشتی بە ئاراستەیەک دەبەن کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەیخوازێت، دەکرێت لە کۆمەڵگەیەکی میزاجی و هەست و سۆزگەرادا، بە گۆڕینی ئاراستەی هەست و میزاج، ڕای گشتی بە خواستی خۆت بگۆڕیت و ئاراستەی بکەیت، بۆیە لەم ناوچانە دیموکراسی (تحمیلی- سەپاندن) نییە، بەڵکوو (تەلقینی) یە، سەرکوتکردن نییە، بەڵکوو دزەکردنە ناو ڕای گشتییە. لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا چیتر ستەمکارییەکی ئاشکرا نییە لەسەر بنەمای ملکەچکردن بۆ بڕیارە ستەمکارانەکان کار بکات، بەڵکوو مۆدێلێکی دیموکراسی هەیە لەسەر بنەمای ملدان بۆ هەست و مەیل و میزاجی تاک کاردەکات، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی، کەسانی خاوەن دەسەڵات، کاریان بە لایەنی لۆژیک و ئەقڵی تاک و هۆشیاری گشتییەوە نییە، بەڵکوو هەستەکان دەکەنە نیشانە، دواتریش خواستە بینراو و بەرژەوەندییە لۆژیکییەکانی خەڵکی، جێی خۆی دەدات بە پڕکردنەوەی مەیل و هەستەکان، ئیتر بوون (بۆ نموونە) لە دەستە و تاقم و گرووپەکاندا بە پاڵنەری هەست و سۆزە، نەک لۆژیک و پڕۆژەی ئەقڵانی و ژیانی مەدەنی، دواجار کۆمەڵگە دەبێتە نمایشی، لە هەموویشی خراپتر ئەوەیە کە خەڵکی لەم جۆرە کۆمەڵگەیە نایانەوێ هەست بەوە بکەن کە هەستەکانیان ئیستیغلال دەکرێت، بەڵکوو حەزدەکەن بڵێن: ئەوە هەڵوێستی خۆمە، وا بنوێنن کە خۆیان ئاراستەی ڕەفتاری خۆیان دەکەن.

پێویستە ئەو تێبینییەش بڵێم: مرۆڤەکان مافی خۆیانە و زۆر سروشتییە خاوەنی هەست و سۆزبن، بەڵام ئەوانەشی هەستەکانیان ناخەنە گرەوی خەڵکی شەکەرۆک و نمایشییەوە و نابنە یاری دەستی ڕاگەیاندن و دەسەڵاتداران، ئەمانە دژی هەست و سۆز نین، بەڵکوو دژی ئەوەن بکرێنە کۆیلەی هەستەکانیان.

٣- لە کولتووری شیعریدا، هەموو شتێک لە جیهانی خەیاڵدا پفدراوە و گەورە دەکرێت و زەمینە و پلانی ئەقڵانی بۆ بەرجەستەکردنی خەیاڵ نییە (کە وەک قۆناغێک هەقیقەتە و کاری ئەدەب و هونەریش لەو بوارەدا حاشا هەڵنەگرە)، بەڵام لە کولتووری ئەقڵانیدا زەمینە

بۆ بە واقیعیکردنی خەیاڵیش دێتە بەرهەم، بۆ نموونە: شیعر پێمان دەڵێت: "ئەی ڕەقیب ماوە قەومی کورد زمان..............."، بەڵام ناتوانێ باسی چۆنیەتی و بوونێکی شایستەمان بۆ بکات. لە نموونەیەکی دیکەدا، شیعر تا ئاستی خەیاڵیی ئایندەی باشتر دەڕوات، وەک ئەو شیعرانەی (بۆ نموونە) ئەحمەد موختار جاف کە باسی پێویستی خوێندن و دانانی هێڵی شەمەندەفەر بۆ هەورامان دەکات، بەڵام وردەکاری هەنگاوەکانی دەسپێک و چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجی نییە، هەروەها لە نموونەی ئاواتخواستنی شاعیرێکی وەک (ئەحمەدی خانی) دا کە خەون بە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتووی خاوەن یەک ئامانج دەخوازێت؛ " گەردی هەبووا مە ئیتیفاقەک..........." بەڵام ئەمە هەر خەون و خەیاڵ و ئاواتخواستنە، کەچی ئیتیفاقی کۆمەڵایەتی و مامەڵە لەگەڵ جیاوازییەکان لە (پەیمانی کۆمەڵایەتی) ژان ژاک ڕۆسۆدا هەیە، هەروەها (ئینقیاد-پێشەنگی) و هەلومەرجی شایستە لە فەلسەفەدا هەیە، کە فەلسەفە بەرهەمی پرسیار و گومان و گفتوگۆیە، ئەمەش لە کولتووری شیعریدا نییە.

٤- لە کولتووری شیعریدا شتەکان وەک خۆی ناونانێی، واتە هیچ پێوەندییەکی لۆژیکی لە نێوان (دال- ئاماژە) و (مەدلوول- ئاماژەپێدراو) دا نییە، بۆ نموونە: ئازادی دەبێتە دار و داریش دەبێتە سیمبۆلی ئازادی، بەڵام لەم کۆمەڵگە و کولتوورەدا هیچ کات ناتوانین لۆژیکیانە بیسەلمێنن ئازادی چییە و چۆن بەدەست دێت و نیشانەکانی بوون و نەبوونی چییە و لە کوێدایە.

٥- مەعریفە و زانست، پرسیار و گومان و گریمانەیە، بەڵام لە جیهانی شیعر و هەستگەرادا، پرسیار و گومان نییە و بزواندنی هەست و سۆز هەیە.

٦- مرۆڤی پەروەردەکراوی کولتووری شیعری، لە هەر بابەتێکدا ئەو بەشە هەڵدەگرێتەوە کە بە میزاجی دەخوات، بابەتەکان بە تێگەشتنی خۆی وەردەگرێ و بە مەیل و ئارەزووی خۆی دەری دەبڕێ و هیچ پەیوەستبوونێکی مەنهەجی نییە.

٧- لە کولتووری شیعریدا لەبری تێگەیشتن و گفتوگۆ و بەدواداچوون، لەبەرکردن هەیە، واتە لێرە لەبەرکردنی بێ تێگەیشتن، بەڵام لە کولتووری ئەقڵانیدا بابەتەکان لێیان تێدەگەیت و مایەی تیژ و دەمەزەردکردنەوەی بیرکردنەوە و ئەقڵن.

ڕاستییەکەی خاڵی جیاواز و مایەی بەراوردکردن لە نێوان ئەم دوو کولتوورە زۆرە و گرنگە، بەڵام لە وتارێکدا هەر هێندە دەرفەت هەیە، کە هیوادارم گفتوگۆی جیددی بەدوای خۆیدا بهێنێت.

**سەرنج:** ئەم بابەتە ڕۆژی ٢٠٢٣/١١/٣٠، وەک پانێلێک لە فیستیڤاڵی (ڕامان)دا پێشکەش کراوە.

**(ڕامان)**